گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/7c8s2867
ڕێــكەوتــی وەرگــرتـن: 10/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 20/08/2025
ڕێـكەوتی بلاوكردنەوە: 20/03/2026

# دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە

احمد عمر مولود[١] نیان نامق صابر[٢]
ahmad.shnayi@gmail.com nian.sabir@univsul.edu.iq
[١+٢]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە
ئامانج لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە، بەپێی هەر یەك لە گۆڕاوەكانی (ڕەگەز، تەمەن، ڕیزبەندی منداڵ، ئاستی خوێندەواری دایك و باوك)، توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەكارهێناوە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئامانج و سروشتی توێژینەوەكە گونجاوە. كۆمەڵگەی توێژینەوەكە پێكهاتوە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەكانی ناوەندی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) كە ژمارەیان (١٣٢١) مامۆستایە. هەروەها نمونەی توێژینەوەكە پێكهاتبو لە (٤٣٩) مامۆستا. ئامرازی توێژینەوەكە بریتییە لە فۆرمی ڕاوەرگری، كە لە(٤٠) برگە پێك هاتوە، بە سود وەرگرتن لە سەرچاوەكان و توێژینەوەكانی پێشو، توێژەر پێوەرەكەی ئامادەكردوە. لە گرنگترین ئەو كەرەستە ئامارییانەی بەكارهاتون بریتین لە (ناوەندە ژمێرەیی– لادانی پێوەری– هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن–تاقیكردنەوەی (T-test)و(ANOVA). لە پاش دڵنیابون لە ڕاستی و جێگیری پێوەرەكە، جێبەجێ كرا بەسەر نمونەی توێژینەوەكەدا كە پێكهاتوە لە (٤٣٩) یەكەی توێژینەوە، بە مەبەستی چارەسەری ئاماری و شیكردنەوەی داتا و زانیارییەكان، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS)ی بەكارهێناوە.
لە كۆتاییدا توێژینەوەكە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی لای خوارەوە:
ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بەشێوەیەكی گشتی لە ئاستێكی بەرز دایە. بونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی دابڕانی دەرونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ. هەروەها نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی دابڕانی دەرونی بەپێی گۆڕاوی تەمەن (٤ – ٥) ساڵ، ڕیزبەندی منداڵ (یەكەم – ناوەڕاست – كۆتایی) گۆڕاوی خوێندەواری (دایك و باوك).
**كلیلە وشەكان**: دابڕانی دەرونی، منداڵ، مامۆستا، باخچەی منداڵان.

# Psychological Weaning Among Kindergarten Children from The Perspective of Teachers

**Ahmed Omer Mawlood[1] - Nyan Namq Saber[2]**

[1+2]Department of Kindergarten, College of Primary Education, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

The purpose of the present research was to examine the level of psychological weaning among kindergarten children as perceived by their teachers, taking into account the differences in age, gender, birth order, and parental literacy levels. The study utilized a descriptive research design since it was deemed the best to fit the study's objectives. The research population consisted of kindergarten teachers throughout the Sulaymaniyah city, during the 2024-2025 academic year (N = 1,321), from whom a sample of 439 teachers was taken. A 40-item consultation form was designed for the data collection which manipulated previous field studies. To ensure its validity, the instrument was verified in advance by administering it to the sample. Arithmetic mean, standard deviation, Pearson correlation coefficient, t-test, and one-way ANOVA were the primary statistical techniques used in the study. The findings revealed that children experience a high level of psychological weaning. Particularly, substantial differences were discovered depending on gender, with female children experiencing higher levels of psychological weaning. While there were no major differences in terms of age (4-5 years), birth order, or parental literacy levels.

**Keywords**: Psychological Weaning, Children, Teachers, Kindergarten.

## كێشەی توێژینەوەكە:

دابڕانی دەرونی قۆناغێكی چارەنوسسازە لە گەشەكردنی دەرونی مرۆڤدا، چونكە منداڵ وردەوردە لە پشتبەستنی تەواو بە دایک و باوک یان چاودێرەوە دەگۆڕێت بۆ پشتبەستن بەخۆی بە ڕێژەیی یان تەواو، دابڕانی دەرونی یەكێكە لە بەرچاوترین ئەو دیاردە دەرونیانەی تێبینی كراوە لای منداڵان، بە هۆی گواستنەوەیان لە ژینگەی ماڵ و خێزان بەرەو ژینگە و جیهانی دەرەوەی خێزان.

بەشێوەیەكی گشتی دابڕانی دەرونی بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی دروست لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر لەڕوی دەرونییەوە لە ژینگەیەكەوە كە هۆگریەتی وەک خێزان بەگشتی و دایک و باوک بەتایبەتی، بتوانرێت بگوازرێتەوە

بۆ ژینگەیەکی تر وەک باخچەی منداڵان بە کەمترین کێشەو گرفتی دەرونی، توانای گونجان لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ژینگە تازەکەدان (جلال،٢١٠٧:١٦٨-١٦٩).

ڕونە کە هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنانی دابڕانی دەرونی و سەربەخۆیی و تاکگەرایی، گواستنەوە لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر، لەو گرفتە گرنگانەیە کە منداڵان بەدەستیەوە دەناڵێنن لە سەرەتای تەمەنیاندا (العیسوی، ٢٠٢٠:٢٥٢).

لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە دابڕانی دەرونی هۆکارە بۆ چەند جۆرێک لە تێکچونە دەرونی و جەستەیی و ڕەفتارییەکان وەکو (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و ترس و شەرەنگێزی و سکچون و ڕشانەوە) زۆرجار سەرچاوەی ڕاستەقینەی نیشانە جەستەی و دەرونیەکانی نەخۆش نادۆزرێتەوە، دەرونناسەکان پەنا بۆ توێژینەوە لە چۆنیەتی دابڕانی دەرونی نەخۆشەکە دەبەن (Szyrynski,1960:24). کەواتە گرنگە و جێگای بایەخە کاتێک دایکان و باوکان هەڵدەستن بەئەنجامدانی پرۆسەی دابڕانی دەرونی منداڵەکانیان پێویستە بەشێوەیەکی تەندروست و نەرم و قۆناغ بە قۆناغ بێت، بۆ ئەوەی بەکەمترین کێشە و گیروگرفت لێی دەربچێت و بتوانێ سەربەخۆی خۆی بەدەستبهێنێت. زۆرجار ئەگەری ئەوە هەیە پاش گواستنەوەی منداڵ لەژینگەی ماڵەوە بۆ ژینگەی باخچە و قوتابخانە، لە ئەنجامی دابڕانی منداڵ لە سۆز و هۆگری و پەیوەست بونی بۆ دایک و باوک، هەندێ کێشەی دەرونی و ڕەفتاری لە نمونەی ترس و شەرم بێزاری و نواندنی ڕەفتاری توندوتیژی لەگەل هاورێ و هاوتەمەنەکانی بۆ دروست ببێت، ئەمەش لە ئەنجامی گرانی هەڵکردنی و سازانی لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەدا کە بۆی دەچێت، منداڵ هەندێک جار تا ئەو ساتەی دەچێتە باخچە لە ئامێزی گەرمی خێزان و لەپاڵ دایک و باوکیدا کاتەکانی بەسەر بردوە ئازادیەکی زۆری لە جوڵە و یاریکردن و هەڵسوکەوتیدا هەبوە کەمترین یاسا و ڕێسای جوڵە و پەیوەندییەکانی منداڵیان لەگەڵ چواردەور و کەسانیتردا سنوردار کردوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ چونە باخچە و ونبونی لە چاوی دایکی و ژێربارکردنی بۆ یاسا و ڕێساکانی باخچە و ڕێکخستنی کاتەکانی وانە خوێندن و یاریکردن و نان خواردن و خەوتنی و تێکەڵاوبونی بە کۆمەڵێک منداڵی هاوتەمەنی خۆی کە هەریەکەیان بارودۆخی دەرونی و پەروەردەیی و کلتوری و خێزانی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەگەری ئەوەی هەیە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە هەڵسوکەوتیدا ڕوبدات.

توێژینەوەکان دەریانخستوە کە پەیوەندی لە نێوان دابڕانی دەرونی و هەندێک لە چەمک و گۆڕاوە دەرونییەکانی تردا هەیە هەروەک لە توێژینەوەی (العیسوی،٢٠٢٠) دەردەکەوێت، کە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان دابڕانی دەرونی و ڕەهەندەکانی خەمۆکییدا هەیە، بەشێوەیەک تا منداڵان ڕێژەی دابڕانی دەرونیان زیاتر بێت و سەربەخۆبن لەدایك و باوکیان، ڕێژەی خەمۆکی کەمتر دەبێت ( العیسوی،٢٠٢٠:٦١).

هەوەها لە توێژینەوەی(Saleh 2013) دەرکەوتوە، پەیوەندیەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان دابڕانی دەرونی و گەشبینی و ڕەشبینیدا هەیە، هەروەها جیاوازیەکی بەرچاوی ئاماری لە دابڕانی دەرونی (شێوەی دایک و باوک) بەپێی ڕەگەز و پسپۆری و ئاستی خوێندن هەبوە(Saleh, 2013: 12,13).

## گرنگی توێژینەوەکە:

قۆناغی باخچەی منداڵان یەکەم وێستگەی جیابونەوە و دابڕان و دورکەوتنەوەی منداڵە لە دایک و باوکی لەڕوی دەرونی و سۆزدارییەوە، بە یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ دادەنرێت، منداڵ تیایدا پەیوەندی بە باخچەوە دەکات، وەک یەکەم ئەزمونی چونەدەرەوەی منداڵ بۆ جیهانی دەرەوەی خێزان ئەژمار دەکرێت لە ژیانی زۆربەی منداڵاندا، پێداویستی سەربەخۆبون و پشت بەخۆبەستن، یەکێکە لەو خواستانەی لای مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەکات و لە پاڵ پێداویستییە دەرونییەکانی تری وەک (پەیوەستبون-انتماء) و (هۆگری- تعلق) و خۆشەویستی و گرنگی

پێدانی کۆمەڵایەتی...هتد، بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی کەسێتی مرۆڤ پێکدێنن، ئەگەرچی ئەم پێداویستییە لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەگاتە ترۆپک دەبێتە یەکێک لە شتە هەرە گرنگەکانی شوناسی هەرزەکار، بەڵام نیشانە و سەرەتای لە منداڵییەوە دەردەکەون و هەندێک لە ئاکار و خەسڵەتەکانی لە قۆناغی منداڵیدا پێش چونە قوتابخانە لە کاروکردەوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، منداڵ پێش چونە قوتابخانە تەنانەت پێش چونە باخچەش هەوڵدەدات بێ پشت بەستن بە دایک و باوکی و کەسانی دەوروبەری نان بخوات خۆی لە پاشەڕۆ ڕزگاربکات و پێڵاو و جلوبەرگەکانی لەبەربکات و دەست و دەموچاوی بشوات....هتد، تەنانەت هەندێ جار هێندە پێداگری لەئەنجامدانی ئەم کارانەدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ دور لە دەست و ئیرادەی ئەوانیتر دەکات، بەرەنگاری گەورەکان دەبێتەوە و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵیاندا.

گرنگی و پێویستی تێگەیشتن لە مانای دابڕانی دەرونی لەو کاریگەرییە دیارانە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر قۆناغەکانی مانەوەی مرۆڤ بەجێی دەهێڵێت، ئەو ڕۆڵەی کە داوای لێدەکرێت کە لە کۆمەڵگەدا بیگێڕێت....، چ کوڕ بێت یان کچ، زۆرن ئەوانەی لە ژیانی داهاتویاندا بە دەست شکستی تاڵەوە دە ناڵێنن بە هۆکارێکی سادە (حسن،١٩٨٧: ٩٧).

(کۆڵبرێگ Kohlberg) لای وایە کە خود بۆ یەکەم جار لە قۆناغی پێش چونە قوتابخانەدا سەرهەڵدەدات ئەم قۆناغەش بەقۆناغی تاکێتی بەرجەستە و کۆنکرێتی (concrete individual) ناودەبات، (کۆڵبرێگ) وای بۆدەچێت منداڵ لەم قۆناغەدا سەرقاڵ دەبێت بەو بابەتانەوە کە لە کەسانی تری جیادەکەنەوە، هەر لەم قۆناغەدا سەرەتای سەربەخۆبون لەرێگەی خۆ کۆنترۆڵ کردنەوە لەهەندێک کاروباردا لای منداڵ دەردەکەوێت و کەمتر پشت بەکەسانی پێگەیشتوی دەوروبەری دەبەستێت (ابو جادو،٢٠١٥: ١٤٧-١٤٨).

کەواتە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت. (بەپێی زانیاری توێژەر) تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک بەم ناونیشانە بە هیچ یەکێک لەزمانەکان لەسەر ئەم بابەتە لە قۆناغی باخچەی منداڵان ئەنجام نەدراوە، لە کاتێکدا بەپێی ڕای هەندێک لە زانایان و توێژەران ڕەگ و ڕیشەی دابڕانی دەرونی دەگرێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی. بەتایبەتی قۆناغی سەرەتایی منداڵی واتا تەمەنی باخچەی منداڵان کە یەکەم وێستگەی دابڕانی دەرونی و سۆزداری منداڵە لە دایک و باوکی.

دابڕانی دەرونی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی دەرونناسی، بەو پێیەی پەیوەندی بە کۆمەڵێک چەمکی ترو بابەتی دەرونی و کۆڵایەتییەوە هەیە وەکو (گەشەی دەرونی وکۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی دەرونی، دڵەراوکێی دابڕان، هۆگری......هتد). هەروەها پەیوەندی بە پرۆسەی سەربەخۆی و تاکگەرایی مرۆڤەکانەوە هەیە بەتایبەت منداڵان کە لە وابەستەیی سۆزداری و دەرونییەوە لە هەندێک ژینگەوە دەگوازرێنەوە بۆ حاڵەتی سەربە خۆیی. توێژینەوەکان دەریان خستوە کە ئەم قۆناغە زۆر چالاکە، بەو پێیەی تاکەکان هەست بە لە دەستدان و دڵەراوکێ دەکەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەندروستی دەرونی و خۆگونجاندن و گونجانی کۆمەڵایەتیان دەبێت. باخچەی منداڵان بە یەکێک لەو ژینگە بنەرەتیانە دادەنرێت کە ئەزمونی دابڕانی دەرونی پێک دەهێنێت، بەو پێیەی منداڵان لەم قۆناغەدا ڕوبەڕوی گۆڕانکارییەکان دەبنەوە و هەستەکانیان تاقیدەکەنەوە. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان و، دەرخستنی پەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوی ترەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە بەشدارن لە ئاسانکاری یان ئاڵۆزکردنی ئەم پرۆسەیە. بەشیکردنەوەی ئەم لایەنانە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات تێروانینێکی باش پێشکەش بکات کە بتوانێت سود بە مامۆستایانی باخچە و دایک و باوکان بگەیەنێت لەپشتیوانی کردنی منداڵان لەم قۆناغە گرنگەدا، بەرزکردنەوەی تەندروستی دەرونی و گەشەکردنی کەسێتییان.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

١ - زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە.

٢- دیاریکردنی پەیوەندی دابڕانی دەرونی بە گۆڕاوی لاوەکی وەک: ڕەگەز،، تەمەنی منداڵ، ڕیزبەندی منداڵ، ئاستی خوێندەواری دایک و باوک.

**سنوری توێژینەوەکە:**

بریتییە لە گشت مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە هەر دو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، حکومی و ناحکومی، ناوەندی شاری سلێمانی، بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥).

**پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە ئەم چەمک و زاراوانە لەخۆدەگرێت:

**یەکەم: دابڕانی دەرونی:**

١- الناشي(٢٠٢٠): بریتییە لە وەستاندنی واسبەتەیی منداڵ بە دایک و باوک و ڕزگاربونە لە کۆنترۆڵی دایک و باوک (الناشي،١١:٢٠٢٠).

٢- جلال(٢٠١٧): بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی دروست لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لە ڕوی دەرونییەوە، هاوشێوەی لە شیربڕینی خۆراکی پێویستی بەهەمان جۆری چارەسەری نەرم هەیە (جلال،١٦٨:٢٠١٧).

٣- الربدي و البليهي(٢٠٢٣): بریتییە لە توانای سەربەخۆیی دەرونی مرۆڤ و، وردە وردە جیا بونەوە لە دایک و باوکی بە ڕێژەی ئەم قۆناغە تەمەنەی کە پێیدا تێدەپەڕێت (الربدي و البليهى،٢٥٥:٢٠٢٣).

٤- پێناسەی تیۆری دابڕانی دەرونی: بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی منداڵ لە ژینگەی ماڵەوە بۆ ژینگەی باخچەی منداڵان و، گەیشتن بە سەربەخۆیی و ڕزگاربون لە وابەستەیی بە دایک و باوک، بە کەمترین کێشە و گرفتی دەرونی و ڕەفتاری.

٥- پێناسەی ڕێکاری دابڕانی دەرونی: بریتییە لە کۆنمرەی بە دەست هاتو لەسەر پێوەری بەکارهاتو بۆ پێوانی (دابڕانی دەرونی) لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە.

**دوەم: منداڵی باخچە:**

-صايغ (٢٠٠٦): ئەو منداڵانەن کە تەمەنیان کەوتۆتە نێوان (٤-٦)ساڵانەوە، هەر دو پۆلی یەکەم و دوهەمی باخچە (صايغ،٢:٢٠٠٦).

**سێیەم: مامۆستای باخچە:**

-فهمی(٢٠١٧): ئەو مامۆستایەی کە مامەڵە لەگەڵ منداڵان دەکات لە قۆناغی سەرەتای منداڵیدا لەنێوان (٤-٦) ساڵیدا، پرۆگرامی باخچە جێبەجێ دەکات، بارودۆخی ژینگەیی دەگونجێنێت، وە شێوازی فێربونی گونجاو بۆ منداڵەکە هەڵدەبژێرێت، بە مەبەستی گەیشتن بەئامانجە پەروەردەییەکانی باخچەی منداڵان (فهمی،١٥:٢٠١٧).

**چوارەم: باخچەی منداڵان:**

-بۆکانی (٢٠٢٠): دەزگایەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە ئامانجی گەشەیەکی تەواو هاوسەنگە لە هەمو لایەنە جۆربەجۆرەکانی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی، هەروەها ئامانجی بەرزکردنەوەی توانا و بەهرە جیاوازەکانە لەڕێگەی یاری و چالاکی ئازادەوە (بۆکانی، ٢٠٢٠: ٥٦).

## بەشی دوەم
## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

**دابڕانی دەرونی (الفطام النفسي):**

هۆلینگورث (Hollingworth) یەکەم کەس بوە دەستەواژەی (دابڕانی دەرونی–الفطام النفسي) بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی منداڵ لە دایك و باوکی بەکارهێناوە، مەبەستی لەو ئارەزو و خواستە بوە، کە لای هەمو مرۆڤێکی ئاسایی بەپێی قۆناغەکانی تەمەن گەشە دەکات و، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ ئەوەی لە چاودێری خێزان دوربکەوێتەوە و لە ڕوی سۆزداری و دەرونییەوە ببێتە کەسێکی سەربەخۆ.

زانایان و توێژەران لە ناونانی پرۆسەی سەربەخۆیی و دابڕانی دەرونیدا جیاواز بون، تیۆری دەرونشیکاری یەکێکە لەو تیۆرییانەی، کە بە زاراوەی "جیابونەوەی تاکایەتی" ناوی بردوە، دوای ئەوە هەندێك زاراوەی تر دەرکەوتن، کە دەتوانرێت بە هاواتای چەمکی دابڕان دەرون – الفطام النفسي" هەژمار بکرێن، لەوانە سەربەخۆیی، جیاکاری دەرونی، جیابونەوە بەرامبەر بە وابەستەبون، ناسنامە، خودی ناوازە (الربدي – البليهي، ٢٠٢٣: ٢٥٦- ٢٥٨).

هەروەها (ماهلەر Mahler) لە ساڵی ١٩٦٨دا، دەستەواژەی دابڕانی دەرونی (psychological separation) و تاکایەتی پێشنیار کرد، کە لە منداڵییەوە گەشە دەکات و تیۆرەکانی گەشەکردنی دەرونی لە ژێر ناوی دیکەی وەك ناسنامە و جیاکاری (الهوية Identity، التمايز Differentiation) هەندێکی تریان وەك یەکێك لە بوارەکانی سەربەخۆی دەرونی کە سەربەخۆیی کارایی، سەربەخۆیی سۆزداری، سەربەخۆیی ململانێکان، جیابونەوەی دەرونی، سەربەخۆیی هەڵوێستەکان ناوی دەبەن(کاظم، ٢٠١٤: ٥٢٨).

دابڕانی دەرونی یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکانی گەشەکردنی دەرونی کە پێویستە دایك و باوك کار بکەن بۆ یارمەتیدانی منداڵ بۆ بەدەستهێنانی، بەڵام دەگونجێت هەندێکجار بێمەبەست ڕێگری لە گەشەکردنی بکەن، ئەویش بە هۆی پارێزگاری لە ڕادەبەدەر یان چاودێری و فەرمانکردن بەسەریدا یاخود ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی کارێك، کێشەی دابڕانی دەرونی لە تەمەنی هەرزەکاریدا بە ڕونی دەست دەکات بە دەرکەوتن، چونکە یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە بۆ خۆدوپاتکردنەوە و پشت ڕاستکردنەوەی ناسنامە و پێویستی سەربەخۆی و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، ئەوانەی بە پرۆسەی سەربەخۆبوندا تێنەپەڕیون و لەڕوی دەرونییەوە لە دایك و باوکیان دانەبڕاون، خۆیان بە زۆرێك لە تایبەتمەندی و خوەکانی سەردەمی منداڵیەوە دەلکێنن، لەوانە بێتوانایی لە وازهێنان لە وابەستەیی، حەسرەتی ماڵ و دایك و باوك، نامۆبون، نەگونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی(کاظم، ٢٠١٤: ٥١٩).

ئەریکسۆن(Erikson)، قۆناغی دوەمی گەشەی دەرونی منداڵانی بە سەربەخۆیی بەرامبەر هەستکردن بە شەرم و گومان ناو برد، تایبەتمەندی ئەم قۆناغە خاڵی وەرچەرخانە لە کۆنترۆڵی دەرەکییەوە بۆخۆ کۆنترۆڵکردن، لە ڕێگەی دروستکردنی هەستی متمانە بە جیهانی دەوروبەر و خۆدئاگایی لە قۆناغێکی زوتردا، پێویستە لەم قۆناغەدا بنەمای سەربەخۆیی لەمنداڵدا پەرەبپێبدرێ لە ڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیجی وەکو ڕاهێنان بۆ ڕزگاربون لە پاشەڕۆ و کارامەیی خۆاردن و خۆگۆڕین، هەروەها هەستکردن بە خاڵە لاوازەکان.

ئەو خەسڵەتەی لەم قۆناغەدا سەرهەڵدەدات بونی ویستو ئیرادەیە؛ بۆ ڕاهێنان لەسەر ڕزگاربون لە پاشەڕۆ هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی و خۆ بەدەستەوەدان لەگەڵ پێشکەوتنی گەشەی زمانی منداڵان توانای دەربڕینی بەرەو پێش دەچێت و توانای سەربەخۆ بونیان بەهێزتر دەبێت، شکست لەم پرۆسە سادەیە لەوانەیە کاریگەری پێچەوانەی هەبێ وەک گەشەکردنی هەستی شەرمەزاری (قەرەچەتانی،٢٠٠٩:١٦٩-١٧٠).

## قۆناغەکانی دابڕانی دەرونی:

دابڕانی دەرونی پرۆسەیەکی پلەبەندییە و ئامانجی کەمکردنەوەی وابەستەیی سۆزداری و دەرونی منداڵە لە دایک و باوک، کە بریتییە لەگۆڕینی پلە بە پلەی ئەو پێداویستییە سۆزدارییانەی کە منداڵان پشتیان پێ بەستوە، وەک سەلامەتی و دڵنیاکردنەوە. هەریەك لە ڕۆبێرتسۆن (١٩٥٨) و پاولی (١٩٦٠) توێژینەوەیان لەسەر زیاتر لە (٥٠) منداڵی قۆناغی پێش قوتابخانەدا کرد و بۆیان دەرکەوت کە کاردانەوەی هەڵچونیان بۆ دورکەوتنەوە و دابڕانیان لە دایکیان بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت و هەڵچونەکانیشیان لە هەریەك لەو قۆناغە جیاوازانەدا تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: قۆناغی نارازی بون یان پرۆتێست (الاحتجاج - Protest):**

لە ڕۆژی یەکەم و دوەمی دابڕانی ئەو منداڵانەی لە نێوان دو بۆ چوارساڵیدان لە دایکیان، ڕەفتاری توندوتیژی و هاوارکردن و دوبارەکردنەوەی بانگکردنی دایکیان لێ دەردەکەوێت، لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر وابەستەی دایکی دەبێت و هەستەکانی خۆی بەگریان یان ترس دەردەبڕێت لە کاتی دیارنەمانی دایکیدا، هەروەها هەر کەسێك ڕەت دەکەنەوە کە دەیەوێ جێگەی دایکیان بۆ بگرێتەوە و بەردەوام لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دایکیان دان، توانای گونجانیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیە کە جێگەی دایکیان دەگرنەوە و هەمیشە بە دەنگی بەرز و گریانی توند سکاڵای ئامادەنەبونی دەکەن.

**دوەم: قۆناغی بێهیوایی (اليأس – Despair):**

پاش چەند ڕۆژێك لە دابڕان و نارەزایی وەڵامدانەوەی هەڵچونی منداڵەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کاردانەوەی بێهیوایی منداڵەکە لە شێوەی سکاڵا و کروزانەوە و گریانی لەسەرخۆ پیشاندانی ڕوخساری خەماوی لەخۆدەگرێت، بە تاسەوە کاردانەوەی بۆ هەر دیمەنێک یاخود دەنگێك دەبێت کە ئاماژە بە گەڕانەوەی دایکی دەکات، هەر کەسێك ببینێت وا گومان دەکات منداڵەکە توشی خەمۆکی بوە.

**سێیەم: قۆناغی دابران (دەستبەردان) ( انفكاك – Bereavemat):**

پاش تێپەڕبونی هەفتەیەك لە دابڕانی منداڵەکان لە دایکیان بە ڕوکەش دەردەکەوێت کە منداڵەکان بە دوای دایکیاندا ناگەڕێن یاخود بە ئاشکرا پێوەیان پەیوەست نابن، تا دەگاتە ئەوەی، کە ئەو کەسانەش پشتگوێ دەخەن، کە جێگەی دایکیان بۆ دەگرنەوە، سارد و سڕ لەگەڵ دایکیاندا دەردەکەون، هەندێك جار ئەو هەستەیان بە قسە دەردەبڕن و دەڵێن دایکیان ناوێت یان گرنگ نییە دایکیان ئامادەیە یان نا (دسوقی، ١٩٧٩: ١٨٠–١٨١).

دوابەدوای ئەم قۆناغانە وردەوردە منداڵ دەستدەکات بەدۆزینەوەی ژینگەی دەوروبەری و هەست بەپێویستی سەربەخۆیی دەکات لە دایک، لەوانەیە دەست بکات بەیاریکردن یان هەندێک خوی کەسی پەرەپێبدات، هەروەها منداڵ دەست دەکات بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر جگە لە دایک، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی تۆڕێکی پشتگیری سۆزداری لەدەرەوەی دایکی دروست بکات، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی توانای دابڕانی لەڕوی دەرونییەوە بەرزدەکاتەوە.

## ڕەهەندەکانی دابڕانی دەرونی:

دابڕانی دەرونی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە چەند ڕەهەندێك لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی مرۆڤ بە چەندین گۆڕانکاریدا تێدەپەڕێت لەسەر ئاستی سۆزداری و دەرونی و کۆمەڵایەتی. کە کاریگەری جیاوازییان لەسەر کەسێك هەیە لەگەڵ تێپەڕبونی پرۆسەکەدا، ڕەهەندە سەرەکییەکانی دابڕانی دەرونی بریتین لە:

**١) پێویستی خۆدەربڕین و چەسپاندنی خود:**

پێویستی خۆدەربڕین و خۆدوپاتکردنەوە لە دەوروبەری تەمەنی سێ ساڵیدا بەدی دێت، کاتێک منداڵ دەیەوێت خۆی لە دەوروبەری جیابکاتەوە، "من" چالاکانە لە قسەکردندا بەکار دەهێنرێت (من خۆم، دەمەوێت)، خۆدوپاتکردنەوە بۆ کەسێتی پرۆسەیەکی سایکۆلۆژییە کە پێکهاتەکانی لایەنی کۆمەڵایەتی و کەسێتی لەخۆ دەگرێت (الناشي، ٢٠٢٠:٣١-٣٢).

ئەو پێویستییەیە، کە مرۆڤ پاڵ دەنێت بۆ دەربڕینی هەستەکانی، ئاشکراکردنی کەسێتی خۆی و دوپاتکردنەوەی بەگەیشتن بە تواناکانی، دەربڕینی بۆچونەکان( الربدي و البليهي، ٢٠٢٣: ٢٥٦). یان ئەنجامدانی کاری بە سود و بە نرخ بۆ ئەوانی تر، یان بەرهەمداربون. بە واتایەکی تر ئەم پێویستییە کە مرۆڤ پاڵ دەنێت بۆ گەشەکردن و باشتربون و دەربڕینی خۆی لە ڕێگەی قسە و کردار و بەرهەمهێنان و داهێنان و خزمەتکردنی ئەوانی ترەوە (ربيع، ٢٠١١: ١٤٤).

**٢) سەربەخۆیی دەرونی:**

زانایان پێیان وایە مرۆڤ دوجار خەبات دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەرونی لەدایک و باوک ئەمە بۆ یەکەم جار لەماوەی سێ ساڵی ژیانی منداڵدا ڕودەدات و دواتر لە کاتی هەرزەکاریدا بۆ جاری دوەم (عبدالرحمان، ١٩٩٨: ٣٢٢)٠پرۆسەی سەربەخۆیی دەرونی وردەوردە لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ و گەشەکردن ڕودەدات. مرۆڤ هەوڵدەدات لە پشبەستنی بە دایک و باوکی و ئەوانتر ڕزگاری ببێت و بەتەنیا کارەکانی ئەنجام بدات ئەم پرۆسەیە لەکاتێکدا یەکگرتوە و بەشێوەیەکی بەرزبونەوەی ڕێژەیی لەگەڵ گەشەی کاتی و دەرونیدایە، مرۆڤ دەگاتە قۆناغێک بە دەستوەردانی دایک و باوک لەژیانی و ئەو یاریانەی کە ئەنجامی دەدات بێزار دەبێت (العيسوي، ٢٠٢٠: ٤٠).

ئێریکسۆن(Erikson) سەربەخۆیی وەک یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکانی گەشەکردن بەرجەستە کرد، بەو پێیەی پێیوایە منداڵ لەڕێگەی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنەوە سەربەخۆیی بە دەست دەهێنێت، لەسەرەتای منداڵیەوە دەست پێدەکات تا تەمەنی هەرزەکاری (الفاسي، ٢٠١٧: ١٩٨).

**٣) هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی:**

بەرپرسیارێتی وەک یەکێک لە کارامەییەکانی ژیان پێناسە دەکرێت کە بۆ بنیاتنانی جۆریک لە پاڵنەری خودی بەکاردێت، بۆ پشت بەخۆبەستن، یان وەرگرتنی بەرپرسیارێتی جا چ لە ژیانی کەسی یان کۆمەڵایەتی، وەتوانای چارەسەرکردنی کێشەکان، توانای بڕیاردان و لێهاتویی هاوکاری کردن لە خۆدەگرێت (أحمد، ٢٠٢١:٢٤٤).

منداڵ بە لە دایکبونی پەی بە بەرپرسیارێتی نابات لە بەرئەوە دەبێت فێری هەڵگرتنی ببێت، هەروەک چۆن فێری ڕۆیشتن و قسەکردن دەبێت، فێری هاوکاری و ڕێزگرتن لە کەسانی ترو ڕەوشتی باش دەبێت .پرۆسەی فێربونی بەرپرسیاریەتی لەکاتێکی زوتر دەست پێ دەکات لەوەی زۆربەی خەڵک بیری لێدەکەنەوە، بەڵام منداڵ بابەتێک فێر دەبێت دەربارەی وەرگرتنی بەرپرسیارییەتی لەو چاودێریەی کە لە دایک و باوکییەوە وەری دەگرێت(فۆستەر، ١٦:١٩٩٤).

## هۆکارەکانی گەشەی دابڕانی دەرونی:

### ١) کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان:

مەبەست لە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرجەم ئەو توانا عەقڵی و دەرونیانەیە کە مرۆڤ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریدەهێنێت، ئەوانیش خۆیان لە توانای مرۆڤ بۆ تێکەڵبون بە کەسانی تر و مامەڵە لەگەڵیاندا بە شێوەی زارەکی و نازارەکی و توانای هاوسۆزی و تێگەیشتن لە ڕەفتاری ئەوانی تردا دەبیننەوە (موفق، ٢٠١٧: ٩).

### ٢) کارامەییەکانی ژیان:

کۆمەڵێك کارامەیی گرنگن یارمەتی منداڵ دەدەن بە شێوەیەکی پێویست و کارا و ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکات، لە گرنگترین ئەو کارامەییانە، کارامەیی سەربەخۆیی و توانای چارەسەری کێشە، توانای بڕیاردان، بە بۆچونی (ئەلفرێد ئەدلەر) منداڵ هەریەك لەم کارامەییانە لە ڕێگەی فێربون و ئەزمونەوە لە چوارچێوەی خێزان و دەزگا پەروەردەییەکاندا بەدەست دێنێت (فراج، ٢٠٢٩: ٦٢٥-٦٣٤).

### ٣) گەشەی دەرونی:

لە قۆناغی باخچە و پێش ئەو قۆناغەشدا، هەندێك دیاردە و پێکهاتەی دەرونی لای منداڵ دەردەکەون و گەشە دەکەن و هەریەك لەوانەش کاریگەرییان لەسەر توانای منداڵ بۆ دابڕانی دەرونی و ئاڵوگۆڕکردنی لە نێوان ژینگە جیاوازەکاندا هەیە، لە گرنگترین ئەو دیاردە دەرونیانەش:

أ.بونی متمانە بەخۆبون و متمانە بە دەورەبەر یان کەسانی تر.

ب.گەشەی توانای دەستپێشخەری: (السلطاني و عبدالله، ٢٠١٩: ٣).

ج. منداڵ لە تەمەنی باخچە و پێش باخچەدا خواستێکی بەهێزی بۆ یاریکردن و کارکردن و خەیاڵکردن هەیە (رفیقة، ٢٠١٤: ١٥٨ - ١٥٩).

### ٤- پاڵنەری خۆشەویستی پەیبردن و دۆزینەوەی خۆڕسك لای منداڵ:

منداڵ لە ماوەی نێوان ساڵانی یەکەم و سێیەمی تەمەنیدا و لەو کاتەی کە متمانە بە خۆبونی گەشە دەکات، توانای ئەوە پەیدادەکات مامەڵە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بکات، هەر لەو تەمەنەشەوە منداڵ بە هۆی بونی پاڵنەری خۆشەویستی پەیبردن و دۆزینەوەی خۆڕسك کە بە هۆیەوە هەوڵی دۆزینەوەی نهێنی شتەکانی دەوروبەر دەدات(الجسماني، ١٩٩٤: ١١١ - ١١٢).

### ٥- توانای گوزارشت لەخۆکردن(دەربڕین) و خستنەڕوی دید و تێڕوانین:

ئەو کەشە خێزانییەی کە منداڵی تێدا پەروەردە دەبێت گەر شیاو و لەبار بێت و دەرفەتی ئەوە بۆ منداڵ برەخسێنێت گوزارشت لە خودی خۆی بکات و دید و تێڕوانینی خۆی بخاتە ڕو بە تایبەت لەو بابەتانەدا کە پەیوەستن بە خودی خۆیەوە، ئەوا پاڵپشتی متمانە بە خۆبون و پشت بە خۆبەستن سەبارەت بە منداڵەکە دەکەن، هەریەك لەمانەش لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە دایك و باوك باوەڕیان بە ئازادی منداڵ و گفتۆگۆی بونیادنەر و تێگەیشتنی دو لایەنەی نێوان خۆیان و منداڵەکانیان هەبێت(الفاسي، ٢٠١٧: ٢٠٠).

## داموده‌زگا په‌روه‌رده‌ییه‌كان و ڕۆڵیان له‌ گه‌شه‌كردنی دابڕانی ده‌رونیدا لای منداڵ:

### ڕۆڵی خێزان له‌ به‌ده‌ستهێنانی پرۆسه‌ی دابڕانی ده‌رونیدا:

به‌ده‌ستهێنانی پرۆسەی دابڕانی دەرونی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دایک و باوکە، چونکە ئەوان هانی منداڵ دەدەن هەست بە پشتیوانی و پشت بەستن بەوان بکەن لە هەمو شتێکدا، بەمەش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کەسێتی زەحمەتە و لە کۆتاییدا چاوەڕوانی شکست هێنانی لێدەکرێت لە کارەکانیدا. لەبەرئەوە ڕۆڵی دایک و باوک لە بەدەستهێنانی پرۆسەی دابڕانی دەرونی پێویستی بە چەند هەنگاوێک هەیە:

١-تێڕوانینێکی دروست: دەبێت دایک و باوک تێڕوانینی ئەرێنیان بەرانبەر بە دابڕانی دەرونی هەبێت و ئەو پرۆسەیە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە هەند وەربگرن بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێپەڕێت.

٢-پرۆسەی دابڕانی دەرونی بە شێوەی پلەپلە دەبێت: دەبێت دایک و باوک هاوکاری منداڵەکانیان بکەن بە پلە پلەدارکردنی پرۆسەی دابڕانی دەرونی، تاوەکو کێشەی دەرونییان لە ئێستا و داهاتودا بۆ دروست نەبێت.

٣-ڕاهاتن بە سەربەخۆیی: دەبێت دایکان و باوکان منداڵەکانیان فێری سەربەخۆیی و پشت بەستن بە خۆیان بکەن.

٤- دەبێت لە ئارەزو و تایبەتمەندییەکانی منداڵەکانیان تێبگەن: پێویستە دایک و باوک لە ئارەزوی منداڵ بۆ سەربەخۆیی و هەستی پێگەیشتوی و ئارەزوی بۆ تاقیکردنەوە و فێربون تێبگەن، بۆیە دەبێت ئامادە بن بیرۆکەی ئەم سەربەخۆییە قبوڵ بکەن و بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتی فێربون لە هەڵە و سەرکەوتنەکانی لە ئەستۆ بگرن(الناشي، ٢٠٢٠: ٢٣).

زانای دەرونزانی ئەمریکی ئەلیانور ماکوبی (Eleanor Maccoby) لەساڵی١٩٨٠، پێشبینی دەکات کە منداڵ لە قۆناغی پێش چونە قوتابخانەدا (Preschool stage) هەندێك گۆڕانكاری لە ڕەفتارەكانیدا ڕوبدات، لەوانە:

- دەتوانێت ئەنجامی ئەو كار و كردەوانە بخەملێنێت كە ئەنجامیان دەدات.
- دەتوانێت تێركردنی پێداویستییەكانی دوا بخات.
- توانای بەرگەگرتنی دارمان (إحباط)ی دەبێت.
- توانای ئەوەی دەبێت كە ڕەفتارەكانی بەپێی بارودۆخ بگونجێنێت.

### ڕۆڵی باخچه‌ له‌ به‌ده‌ستهێنانی پرۆسه‌ی دابڕانی ده‌رونیدا:

منداڵ لە قۆناغی باخچەدا بەرەو سەقامگیری دەرونی دەڕوات و دەتوانێت لەگەڵ ژینگە و بارودۆخی كۆمەڵایەتی و هەڵوێستی گەورەكاندا بگونجێت، هەروەها ئارەزوی یارمەتیدانی دایك و باوك و كەسانیتری دەكات(أبو جادو،٢٠١٥: ٦٤-٦٥).

دوركەوتنەوەی منداڵ لە خێزان بە هۆی كاركردنی دایك و سپاردنی بە باخچە و سەنتەرەكانی چاودێری منداڵ، مەرج نییە كاریگەری نەرێنی لەسەری دابنێت، بەڵكو ئەم بابەتە پشت بە ئاستی ئەو چاودێری و گرنگیپێدانە دەبەستێت كە منداڵ لەو ناوەندانە وەری دەگرێت، ئەگەر وەك پێویست بە ئەرك و فرمانی خۆیان هەستن ئەوا دەتوانن كاریگەری نەرێنی دابڕانی لە دایكی كەم بكەنەوە، ئەمەش یارمەتی منداڵەكە دەدات بۆ سەربەخۆبونی (ربیع، ٢٠١١: ١٢٢).

هەروەها لەم قۆناغەدا ئەوەی بۆی دەردەكەوێت كە دەتوانێت كاریگەری لەسەر كەسانیتر دابنێت ئەو كاریگەرییە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، لە ڕێگەی ملكەچبونەوە بێت یان یاخیبون، هەروەها خودی منداڵ لەم قۆناغەدا كۆمەڵێك هەستی دەرونی وەك خواست و ئیرادە و هەست و دەستپێشخەری لێهاتویی و سەربەخۆیی لەخۆدەگرێت (ابو جادو، ٢٠١٥: ١٤٦).

### دەرکەوتەکانی دانەبڕانی دەرونی:

ئەو منداڵانەی لە ڕوی دەرونییەوە دانەبڕوان، بە چەند تایبەتمەندییەك جیادەکرێنەوە، ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

١-ناتوانن بەرپرسیارێتی سەرشانیان وەك ڕێکخستنی ژوری نوستن، ڕێکخستنی کتێب و کۆکردنەوەی یاریەکان و ... هتد بەپێی پێویست ئەنجام بدەن.

٢-لاوازی متمانە بەخۆبون، پشت بەستن بەکەسانی تر.

٣-وابەستەبون بە کەسانی تر و پێویستی بەردەوام بە یارمەتی و ئامۆژگاری ( الربدي و البليهي، ٢٠٢٣: ٢٦٦).

٤-ئاژاوە و پشێوینانەوە، لە کاتێکدا دور دەکەوێتەوە لە خێزان.

٥-ناتەواوی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە و ئامادەنەبون لە باخچە و قوتابخانە بەبێ بیانو و پاساو.

٦-لاوازی لە دەستپێشخەری کردندا لە ئەنجامدانی کار و چالاکیدا.

٧-ترس و دودڵی نیشاندان.

٨-پشتگوێخستنی ئەو فەرمانانەی کە پێویستە جێبەجێیان بکات (الناشي، ٢٠٢٠: ٢٥).

### تیۆرییەکانی ڕونکردنەوەی دابڕانی دەرونی:

زۆرێك لە تیۆرییەکان دەتوانن (دابڕانی دەرونی– الفطام النفسي) ڕون بکەنەوە و ئەو چەمکەی، کە بۆ ئاماژەدان بە سەربەخۆی مرۆڤ و ڕزگاربونی دەرونی و سۆزداری لە دەسەڵاتی دایك و باوکی وەریانگرتوە جیاواز بوە، دیارترین تیۆرییەکانیش کە دابڕانی دەرونی ڕون دەکەنەوە بریتین لە:

### یەکەم: تیۆری گەشەسەندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی:

ئەم تیۆرە پێشەکییەکی گونجاوە بۆ تێگەیشتن لە دابڕانی دەرونی، بەو پێیەی لێکدانەوەی بۆ دابڕان و سەربەخۆیی دەرونی تاك لە دایك و باوکی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا کردوە، ئەگەرچی ئەریکسۆن گرنگییەکی زۆری بە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری داوە، بەڵام گەشەی دەرونی- کۆمەڵایەتی لە دیدی ئەودا لە سەرەتای منداڵیەوە دەست پێ دەکات و بە درێژایی تەمەنی بەردەوام دەبێت.

ئەریك ئەریکسۆن (Erik Erikson) بە یەکێك لە گەورەترین دەرونشیکارەکان دادەنرێت، کە هەوڵیداوە پرۆسەی گەشەکردن و بنیاتنانی کەسێتی مرۆڤ بەسەر هەشت قۆناغدا دابەش بکات، پێی وایە لە ڕوی دەرونی- کۆمەڵایەتییەوە ژیان لە هەشت قۆناغ پێك دێت لەدایکبونەوە تا کۆتایی تەمەن، یەکەم قۆناغ کە منداڵ پێیدا تێدەپەڕێت، قۆناغی هەستکردنە بە متمانە لە بەرامبەر بە بێ متمانەیی، تا نزیکەی کۆتایی ساڵی یەکەم درێژ دەبێتەوە، هەستکردن بە متمانەی منداڵ نوێنەرایەتی بنەمای گەشەکردنی ئاسایی دەکات. منداڵ لەم قۆناغەدا بە تەواوی پشت بە دایکی دەبەستێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی، ئەگەر دایك توانی چاودێری پێویستی منداڵەکەی بکات و منداڵ هەستی بە بێبەشبون نەکرد، هەروەها ئەگەر هەستی بە دڵنیایی و ئارامی کرد و تێر بو لە شیری دایکی و هەستی بە باوەشی گەرم و سۆز و خۆشەویستی کرد، ئەوا تۆوی متمانە بەخۆبون و هەستکردن بە دڵنیایی لە ناخیدا سەوز دەبێت و دەچێتە قۆناغی داهاتو، منداڵ لەم قۆناغەوە دەست دەکات بە ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانەکان.

پاشان هەستکردن بە سەربەخۆیی لای منداڵ لە قۆناغی دوەمی ژیانیدا دەردەکەوێت، بە قۆناغی سەربەخۆیی بەرامبەر بە هەستکردن بە شەرم و گومان ناو دەبرێت، هەروەها دەتوانرێت بە تەمەنی دابڕان ناوببرێت، لە ساڵی دوەمی تەمەنەوە دەست پێ دەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ توانای کۆنترۆڵکردنی ماسولکەکانی و، هەروەها بە ڕۆیشتن و گرتن و

فرێدانی شتەکانی دەست پێدەکات، پاشان هەست بە شانازی و خۆ بە گەورە زانین دەکات لە ئەنجامدانی توانایی ئەنجامدانی هەندێك ئەرك بەو شێوەیەی لەگەڵیدا دەگونجێت (الربدي – البليهي، ٢٠٢٣: ١٦٠ – ١٦١).

دەبێت لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بە سەربەخۆیی بکات و لە شەرم و گومانکردن لە خودی خۆی دور بخرێتەوە، ڕاهێنانی منداڵ لەسەر پرۆسەی دەرهاویشتن و ڕزگاربون لە پاشەڕۆ، گەورەترین دەرفەتە کە لە میانەیەوە فێری سەربەخۆیی و پشت بەستن بە خۆی بکرێت، ئەگەر پرۆسەکە نەرم و نیان و لەسەر خۆ بو، دور بو لە توندوتیژی و لێدان و سوکایەتی پێکردن، ئەوا منداڵ بە شێوەیەکی ڕاست و دروست گەشە دەکات و هەست بە سەربەخۆیی دەکات (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٦٩).

**دوەم: تیۆری بۆلبی** Bowlby theory **(تیۆری دڵەڕاوکێی جیابونەوە)** :

بۆلبی(Bowlby) لەڕێگەی تیۆرەکەیەوە دابڕانی دەرونی ڕوندەکاتەوە، کەباسی لە پرسی دڵەڕاوکێی جیابونەوەی منداڵان لە یەکێک یان هەردو دایک و باوک دەکرد. وابەستەبون نوێنەرایەتی یەکەم پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات کەلە منداڵاندا دروست دەبێت، پێی وابو کە ڕەفتاری وابەستەبون لە منداڵانی تازە لە دایک بودا بەدرێژایی تەمەنیان بەردەوامە جیاواز لە بونەوەرانی دیکە کە تەنها لە قۆناغی منداڵیدا ئەم پەیوەستیەیان هەیە منداڵ لەڕێگەی نزیکبونەوەی جەستەییەوە، ئەم پەیوەستییە لەگەڵ دایکیدا دروست دەکات لە قۆناغی کۆرپەییدا و بە هیچ شێوەیەک نایەوێت لێی جیا بێتەوە، بەڵام لەگەڵ گەورەبونیدا دورکەوتنەوە ڕودەدات بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی سەربەخۆبون و دۆزینەوەی خود، بەڵام هێشتاش لەکاتی هەستکردن بە مەترسیدا بە خێرایی دەگەڕێتەوە لای دایکی، بەو پێیەی سەرچاوەی ئاسایش و خۆشەویستیی و دڵنیایی و سەرچاوەی تێرکردنی پێوەستییە فیزیکیەکانیەتی (الفارسي،٢٠١٨: ٢٢).

ڕودانی جیابونەوە و دابڕانی دەرونی دۆخێکی گرنگ بۆ منداڵەکە پێک دەهێنێت لەبەرئەوە پێویستە دایک و باوک خۆیان لەجیابونەوە و دابڕانێکی درێژخایەن بەدور بگرن چونکە نەبونی یەکێکیان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە جۆرێک لە ساردی لەپەیوەندییە سۆزداریەکانیدا دروست بکات، یان متمانەی لاواز بێت بەو کەسانەی کە هەر پەیوەندییەکیان لەگەڵدا هەیە (الطريا، ٢٠١٣: ٤٠٩).

هەروەها بۆلبی پێی وایە کە کردەی پەیوەست بون کاریگەریەکی گرنگ و دور مەودای هەیە لە سەر توانای دابڕان لای منداڵ وەک بونەوەرێکی سەربەخۆ لە قۆناغەکانی گەشە لە داهاتودا کە خودی خۆی ئاراستە دەکات، ئەگەر هاتو منداڵ لەم قۆناغەدا سەرکەوتو نەبو پەیوەندییە هەڵچونی و کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی پتەو و دروست لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵگەکەیدا، مەحاڵە متمانە و توانای پێویستی بۆ گەشەی دروست لە قۆناغانی داهاتودا بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوە ئەو منداڵانەی هەست بە پەیوەستییەکی دروست دەکەن لەگەڵ باوانیاندا، بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لە گەڵ کردەی دابڕان لە باوانیان دەکەن، بەپێچەوانەی ئەوانەن کە پەیوەستییەکی نادروستیان لەگەڵ باوانیاندا هەیە، کە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دوای دابڕانیان دڵە ڕاوکێیە (صالح،٢٠٢٣: ٣٧).

## توێژینەوەکانی پێشو:

توێژەر دوای گەڕان و بە داوا داچونێکی زۆر بۆ توێژینەوەکانی پێشو، هیچ توێژینەوەیەکی دەست نەکەوت لە سەر هەمان کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە ئەنجام درابێت بە هیچ یەکێک لە زمانەکان، توێژەر تاکو بتوانێت سودیان لێببینێ لە شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، چونکە پرۆسەی دابڕانی دەرونی جیاواز لە هەر بابەت و پرۆسەیەکی تر بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ جیاوازە بە ڕێژەی ئەم قۆناغە تەمەنەی کە پێدا تێدەپەڕێت.

# بەشی سێیەم
# میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

## میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە ڕێگایەکە توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و پاشان پۆلێنکردن و شیکردنەوەیان، سود لێوەرگرتنی لە توێژینەوەی زانستیدا دەیگرێتەبەر (حسن،١٩٩٩:٥٩٩). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی (الوصفی الارتباطي )ی بەکارهێناوە، ئەم میتۆدە بریتییە لە دیاریکردنی جۆری پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە، ئەم جۆرە لە میتۆدی توێژینەوە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو گۆڕاوانەی پەیوەندیان بە گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکەوە هەیە یان نا (ابواعلام، ٢٠٠١: ٨٦).

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی و ناحکومییەکان لە سنوری ناوەندی شاری سلێمانی بە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٢٠٥). کە ژمارەیان بریتی بو لە(١٣٢١) مامۆستا، کە (١٠١٦) مامۆستا لە باخچەی حکومی، (٣٠٥) لە باخچەی ناحکومی دان، هەروەها ژمارەی منداڵان بریتی بو لە (١٥٣٢٧) منداڵ، کە (١٢٦٠٣) منداڵ لە باخچەی حکومی، (٢٧٨٤)لە باخچەی ناحکومی دان.

## نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی باخچە، منداڵانی تەمەن(٤–٥) ساڵ،کە یەکەم ساڵی باخچەیانە، کە پێکهاتبو لە (٩٦)منداڵی چوار ساڵ، (٣٤٣)منداڵی پێنج ساڵ، (٢١٩)مێ، (٢٢٠) نێر، کە ژمارەیان بریتییە لە (٤٣٩) یەکەی توێژینەوە،کە هەریەک لە مامۆستاکان بەمەست فۆرمەکەیان بۆ یەک منداڵ پرکردەوە.

## ئامرازی توێژینەوەکە:

ئامرازی توێژینەوە بریتییە لەو کەرەستەیەی کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری پێویست، بۆ هەر توێژینەوەیەك ئامرازێکی تایبەت هەیە و جیاوازە لە ئامرازی توێژینەوەیەکی تر. ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری نمونەکە شێوازی ئامرازی توێژینەوە دیاری دەکات (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٣٢).

توێژەر بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاست و ڕێژەکانی گۆڕاوی ئەم توێژینەوەیە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە (الاستبانة)، کە بریتییە لە شێوەیەکی دیاریکراو لە برگە پرسیار و بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەکرێت.

توێژەر بە مەبەستی ئامادەکردنی پێوەرێکی زانستی و ئەکادیمی، بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەت و کێشەی توێژینەوەکەی فۆرمێکی پێوانکاری ئامادە کردوە، کە پێك دێت لە: کۆمەڵێك برگە و پرسیاری لۆژیکی.

توێژەر پاش گەڕان و پشکنین، بۆ توێژینەوەکانی پێشو، هیچ پێوەرێکی ئامادەکراوی بەدەست نەکەوت، کە تایبەت بێت بە ناونیشانی توێژینەوەکە و نمونەی توێژینەوەکە بە هیچ یەکێك لە زمانەکان، کە گونجاو بێت، لەبەرئەوە هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ دابرانی دەرونی بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١. توێژەر زانیاری و ئەدەبیاتی خۆی بەکارهێنا سەبارەت بە بابەتەکە و گرنگی و کێشەی توێژینەوەکە، لەم ڕێگەیەوە توانی ( ١٢) برگە دەستنیشان بکات.
٢. لە ئەنجامی پرس و ڕاوێژ بە چەندین کەسی شارەزا لە بوارەکەدا، توێژەر توانی(١٣) برگە دەستنیشان بکات.

٣. بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پێوانکارەکە، توێژەر سودی لەو توێژینەوانە وەرگرتبو، کە پێشتر سەبارەت بەم بابەتە و گۆڕاوەکانی ئەنجام دراوە، پاش خوێندنەوە و بەدواداچون بۆ کەرەستە و ڕاپرسیەکانی ئەو توێژینەوانە توانی (١٥) برگە وەربگرێت، کە لە ڕوی زانستییەوە پەیوەستن بە توێژینەوەکە و دەتوانرێ سودیان لێ وەربگیرێت لە ئامادەکردنی پێوانکارەکەدا.

ئەو توێژینەوانەی سودیان لێوەرگیراوە بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی پێوەری دابڕانی دەرونی: ( الناشي، ٢٠٢٠),(سامية، ٢٠١٥)، (الزيانية،٢٠٢١).

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی( الصدق) بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوەکە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کە بانگەشە بۆ پێوانەکردنی دەکات (بۆکانی:٢٠٢٠، ١٥٣).

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە:**

بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی پێوەرەکە پشت بە ڕاستی ڕواڵەتی بەستراوە توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکەبەسەر (11) پسپۆڕ لە بوارەکانی پێوانەو هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردەی تایبەت و دەرونزانی پەروەردەیی، داوایان لێکرا سەرنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەکان بخەنە ڕو، هەر گۆڕانکارییەک کە بە باشی دەزانن پێشنیاری بکەن، دوای گەڕاندنەوەی سەرنج و تێبینی پسپۆڕەکان دەرکەوت کە ڕێژەی ڕێکەوتنی پسپۆڕان لەسەر سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە (٨٦.٣٥ %)، هەروەها سەرجەم تەنها لەسەر برگەکانی (١٦، ١٨، ١٩، ٢٢، ٢٣، ٢٦، ٢٧، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢) کۆکن لەبەرئەوە بەپێی بەها (کا٢) بەڵگەداری ئاماری هەیە بە بەهای ( 11) بەراورد بە بەهای خشتەیی کە دەکاتە (٣.٨٤) بەهای (کا٢ )دوجا بەدەستهاتو گەورەترە لە بەهای خشتەیی و برگەکانی (١، ٦، ٨، ١١، ١٥، ١٧، ٢٤، ٢٥، ٢٨) تەنها (9) پسپۆڕ لەسەریان کۆکن بە بەهای (کا٢)ی (٧.٣٦) بەڵگەداری ئاماریان هەیە، هەروەها برگەکانی (٤، ٥، ٩، ٢١) (4) پسپۆڕ لەسەریان کۆکن بە بەهای (کا٢)ی (٤.٤٥)بەڵگەداری ئاماریان هەیە، برگەکانی (2)(20) (1) پسپۆڕ لەسەری کۆکن و بە بەهای (کا٢)ی (٢.٢٧) بەڵگەدار ئاماریان نیە، بڕوانە خشتەی (١)

خشتەی (١) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەپێی (کای٢) بۆ پێوەری دابڕانی دەرونی

| | برگەکان | ژمارەی برگە | گونجاو: ژمارەی پسپۆر | گونجاو: ڕێژەی سەدی | نەگونجاو: ژمارەی پسپۆر | نەگونجاو: ڕێژەی سەدی | بەهای کای²: هەژمارکراو | بەهای کای²: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دابڕانی دەرونی | ٣، ٧، ١٠، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ١٨، ١٩، ٢٢، ٢٣، ٢٦، ٢٧، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢ | 27 | 11 | 100 | 0 | 0 | 11 | 3.84 | بەڵگەدارە |
| | ١، ٦، ٨، ١١، ١٥، ١٧، ٢٤، ٢٥، ٢٨ | 9 | 10 | 90.9 | 1 | 9.1 | 7.36 | | بەڵگەدارە |
| | ٤، ٥، ٩، ٢١ | 4 | 9 | 81.8 | 2 | 18.2 | 4.45 | | بەڵگەدارە |
| | ٢،٢٠ | 2 | 8 | 72.7 | 3 | 27.3 | 2.27 | | بەڵگەدار نییە |

## جێگیری پێوەرەکە:

### ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی(Split-half Method ):

لەم جۆرەدا هاوکۆلکەی پەیوەندی لە نێوان نمرەکانی وەڵامدەرەوەکان لەسەر پێوانەکە بەکاردەهێنرێت(ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی) هەڵەچنی بۆ دەکرێت بەپێی هاوکێشەی ( سپێرمان براون Spearman-Brown و جتمان Guttmann و ڕولون Rolon)، پێوانەکە بە جێگیر وەسف دەکرێت، ئەگەر بەهای پەیوەندیەکەی بەرز بێت، جێگری پێوانەکە دەستنیشانکرا بە ڕێگەی ( Split - Half)، بۆ ئەو مەبەستەش لە دوای جێبەجێکردنێ پێوانەکە بەسەر ( نمونەی سەرەتایی)دا، کە پێکهاتون لە (٤٠) مامۆستا، و لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ( SPSS) هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی سپێرمان (Spearman) دەرکەوت، کە بەهای پەیوەندی نێوان بەشی یەکەم و دوەمی پێوانەکە بریتی بو لە (0.688)، کە ئەمەش بەجێگیریەکی پەسەند ئەژمار دەکرێت، دواتر لە ڕێگەی هاوکێشەی جتمان ( Guttmann) بەهای پەیوەندی سپێرمان ڕاستکرایەوە بو بە (0.812)ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە، هەروەک لە خشەی (٢ ) ڕونکراوەتەوە .

**خشەی (٢ ) :ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی**

| بڕگەکان | ژمارەی بڕگە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی سپیرمان (Spearman-Brown) | بەهای پەیوەندی سپیرمان دوای ڕاستکردنەوە (Guttmann) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشی یەکەم | 20 | 40 | 2.505 | .265 | 0.688 | 0.812 |
| بەشی دوەم | 20 | | 3.026 | .096 | | |

### جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی:

دوای دڵنیابونی توێژەر لە ڕاستی و جێگیری ئامرازەکەی، فۆڕمی ڕاپرسییەکەی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەیدا بە شێوەی کۆتایی دابەشکرد، کە پێک هاتبو لە (٤٣٩) مامۆستا لە باخچەکانی سەر بە هەردو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پارێزگای سلێمانی بۆ پێوەری دابڕانی دەرونی، لەبەرواری (١٣- ٤-٢٠٢٥)، کە پێک دێت لە (٤٠) بڕگە، دوای ڕونکردنەوە لە لایان توێژەرەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوای لە مامۆستایان کرد بە وردی و ڕونی وڵامی گشت بڕگەکان بدەبەوە، دواتر سەرجەم فۆڕمی ڕاپرسییەکانی کۆکردەوە، ئەنجامدانەکە لە بەرواری (٢٠٢٥/٠٥/١٠) کۆتایی پێهات.

### کەرەستە ئامارییەکان:

١. سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(26) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

٢. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط پیرسون-Person Correlation Coefficient) بۆ ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

٣. هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان براون و جتمان (Spearman-Brown) (Guttmann ) بۆئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دوبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

٤. بەکارهێنانی(Independent Sample T-Test) بۆدۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.

٥. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دو نمونەی سەربەست(Independent Sample T-Test) تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نمونە( One Sample T-Test).

## بەشی چوارەم

### خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕوی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوە کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و ڕاڤەکردنیان، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لەکاتی شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاوانەی پەیرەو کردوە:

**ئامانجی یەکەم:** زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لەدیدی مامۆستایانەوە لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)و کەرەستەی ئاماری(One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، لەئەنجامدا دەرکەوت، کەبەهای (t)بریتییە لە(٢٧.٤٨٧) لەئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)،هەروەك لەخشتەی(٣) ڕونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت و ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دابڕانی دەرونی لەباخچەکانی منداڵانی شاری سلێمانی لەدیدی مامۆستایانەوە لەئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی(٣):ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لەدیدی مامۆستایانەوە لەباخچەکانی منداڵانی شاری سلێمانی لای نمونەی توێژینەوەکە

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 439 | 140.2096 | 15.40524 | 438 | 120 | 27.487 | 1.64 | بەڵگەدارە |

ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تارادەیەك هۆکارەکانی گەشەی دابڕانی دەرونی لای منداڵان لە کۆمەڵگە بە گشتی و خێزانی کوردیدا دەستەبەر کراوە و منداڵ لە قۆناغی پێش باخچە و دوای باخچەشدا لەسەر هەندێك لە کارامەییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕادەهێنرێت و توانای تێکەڵبون و مامەڵەی زارەکی و نازارەکی و تێگەیشتن لە ڕەفتاری ئەوانی تر و هاوسۆزی تێدا دەچێنرێت(موفق، ٢٠١٧: ٩).

ئەمە جگە لەوەی زۆربەی خێزانەکان هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان هەر لە منداڵیەوە لەسەر کارامەییەکانی ژیان لە بابەتی کارامەیی خواردن و خواردنەوە و جلپۆشین و پاکوخاوێنی و چونە سەر ئاو ڕابێنن (فراج، ٢٠١٩: ٦٢٥ – ٦٣٤).
لە لایەکی ترەوە وەك لە ئەنجامی توێژینەوەی (السلطاني و عبدالله، ٢٠١٩) دەرکەوتوە، کە ئەگەری زۆر هەیە ئەگەر زەمینەی لە بار لە خێزاندا بۆ منداڵ بڕەخسێت، توانای دەستپێشخەری لای سەر هەڵدەدات و ئەمەش وای لێ دەکات بەرەبەرە لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی گەورەکان ڕزگاری بێت و پشت بە خۆی ببەستێت (السلطاني و عبدالله، ٢٠١٩: ٣).

**ئامانجی دووەم:** زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان باخچە لەدیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی منداڵ (نێر و مێ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت بەهای( t )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٢.٣٩٨) بەنمرەی ئازادی (437)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، وەک لەخشتەی ژمارە(٤) خراوەتەڕو.

خشتەی(٤)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایان (نمونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

| ڕەگەزی منداڵ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| نێر | 219 | 138.4521 | 15.69962 | 437 | 2.398 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| مێ | 220 | 141.9591 | 14.93741 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو (٢.٣٩٨) و بەهای خشتەیی (1.96)، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی منداڵ نێر و مێ لە دیدی مامۆستایانی باخچەوە بۆ پێوەری دابڕانی دەرونی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز،کە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) دایە، کەواتە بەو مانایە دێت کە ڕەگەزی مێ ئاستی سەربەخۆیی و دابڕانی دەرونی بەرزتر لە کوڕان نیشان دەدەن، واتە ئەم ئەنجامە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و کلتوری دەگەڕێتەوە، زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵەیەك لە زو پێگەیشتنی بایۆلۆجی و دەرونی، شێوازی پەروەردەکردنی، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان، کە کچان زوتر پاڵ دەنێن بەرەو سەربەخۆیی و دابڕان، جگە لەمەش ئەو پەیوەندییە سۆزدارییە سەقامگیرانەی کچان لەگەڵ دایك یان مامۆستایان دروستی دەکەن بەشدارن لە هەستکردنیان بە ئاسایش، ئەمەش وا دەکات ئاسانتر لە ڕوی سۆزدارییەوە جیا ببنەوە و دابڕێن بە شێوەیەکی تەندروست.

**ئامانجی سێیەم:** زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی تەمەن (٤ساڵ-٥ساڵ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی تەمەن (٤ساڵ-٥ساڵ) لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دو

نمونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (١.٣٧٥) بە نمرەی ئازاد (437)، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، وەک لەخشتەی ژمارە(٥) خراوەتەڕو.

خشتەی(٥)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دو نمونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان(نمونەی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی منداڵی تەمەن(٤ساڵ-٥ساڵ)

| تەمەن | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 4ساڵ | 96 | 138.3646 | 14.66691 | 437 | 1.375 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| 5ساڵ | 343 | 140.7259 | 15.58717 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە بە (١.٣٧٥) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە بە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(437) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تەمەنی منداڵ لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی بە بەپێی گۆڕاوی تەمەن(٤ساڵ-٥ساڵ)، بە ڕای توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دو تەمەنە لێك نزیکن و جیاوازی زۆریان نییە و تەنانەت هەندێکیان تەمەنیان ٥ ساڵ تەواو نییە و لە باخچەکاندا لە قۆناغی دوەمدا لەگەڵ منداڵەکانی تردا تێکەڵاو کراون، زۆرجار منداڵانی تەمەن (٤ – ٥) ساڵ قۆناغی وابەستیە بەهێزیان بە وانیدیکەوە تێپەڕاندوە، کە ئەو قۆناغەیە کە چاوەڕوان دەکرێت دابڕانی دەرونی ڕو بدات بە زۆری لە نێوان تەمەنی (٢ – ٣) ساڵیدا. لەم تەمەنەدا منداڵ دەست دەکات بە پەرەپێدانی سەربەخۆیی زیاتر، و پێشتر پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەی دەرەوەی خێزان: وەك (مامۆستا و هاوتەمەنەکانی) دامەزراندوە.

**ئامانجی چوارەم:** زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ (یەکەم-ناوەراست-کۆتایی).

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەی ڕیزبەندی منداڵ لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادى) (ONE WAY ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (٦) خراوەتەڕو.

خشتەی(٦) ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ(یەکەم-ناوەراست-کۆتایی) .

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 420.019 | 2 | 210.010 | 0.884 | 0.414 | بەلگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | 103526.701 | 436 | 237.447 | | | |
| کۆی گشتی | 103946.720 | 438 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دا دەردەکەوێت، بەهای (f)( ٠.٨٨٤)ە و بەهای بەڵگەداری (٠.٤١٤)ە، بە نمرەی ئازادی (٤٣٦) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠.٤١٤)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕیزبەندی منداڵ(یەکەم-ناوەراست-کۆتایی) لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ. کەواتە ڕیزبەندی منداڵ(یەکەم-ناوەراست-کۆتایی) ی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبوە لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی، بە بۆچونی توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دایك چەند منداڵی هەبێت وەك یەك سۆز و خۆشەویستیان پێدەدات و ناتوانێت جیاوازیان بکات جا منداڵی یەکەم یان دوەم یان سێیەم، هەروەها لێکچونی ژینگەی باخچەی منداڵان، ڕەنگە هەمو ئەو منداڵانەی لە توێژینەوەکەدا بەشداربون لە ژینگەیەکی باخچەی منداڵاندا تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەبن. ئەمەش کاریگەری جیاوازی دانانی منداڵان کەم دەکاتەوە، وەك: هەمویان بەرکەوتەی هەمان شێوازی پەروەردە و چاودێری دەبن، هەروەها بە شێوەیەکی هاوشێوە لەگەڵ منداڵەکانی تردا کارلێك دەکەن.

**ئامانجی پێنجەم:** زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری دایک.

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەی خوێندەواری دایک لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادی) (ONE WAY ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (٧) خراوەتەڕو.

خشتەی(٧)ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری دایک.

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 1752.690 | 5 | 350.538 | 1.485 | 0.193 | بەلگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | 102194.030 | 433 | 236.014 | | | |
| کۆی گشتی | 103946.720 | 438 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دا دەردەکەوێت، بەهای (f)( ١.٤٨٥)ە و بەهای بەڵگەداری (٠.١٩٣)ە، بە نمرەی ئازادی (٤٣٣) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠.١٩٣)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندەواری دایک لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری دایک. کەواتە خوێندەواری دایکی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبوە لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی، بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە توێژەر پێی وایە کە ئاستی خوێندەواری دایك لە هەر ئاستێکدا بێت کاریگەری ناکاتە سەر پەیوەندی نێوان دایك و منداڵەکە و ئاستی دابڕانی دەرونی چونکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ئاستێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بەرز هەیە کە مەرج نییە بە هەبونی بڕوانامە بە دەست بێت.

**ئامانجی شەشەم:** زانینی ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری باوک.

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەی خوێندەواری باوک لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادى) (ONE WAY ANOVA) بەکارهێنا. بەپست بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کە ئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (٨) خراوەتەڕو.

خشتەی(٨)ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری باوک.

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 1237.440 | 5 | 247.488 | 1.043 | 0.392 | بەلگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | 102709.280 | 433 | 237.204 | | | |
| کۆی گشتی | 103946.720 | 438 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٨) دا دەردەکەوێت، بەهای (f)( ١.٠٤٣ )ە و بەهای بەڵگەداری (٠.٣٩٢)ە، بە نمرەی ئازادی (٤٣٣) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (٠.٣٩٢)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندەواری باوک لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری باوک. کەواتە خوێندەواری باوک تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبوە لەسەر پێوەری دابڕانی دەرونی، بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە توێژەر پێی وایە کە ئاستی خوێندەواری باوک هاوشێوەی ئاستی خوێندەواری دایک لە هەر ئاستێکدا بێت کاریگەری ناکاتە سەر پەیوەندی نێوان باوک و منداڵەکە و ئاستی دابڕانی دەرونی چونکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ئاستێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بەرز هەیە کە مەرج نییە بە هەبونی بڕوانامە بە دەست بێت.

**دەرئەنجامەکان**

١. ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.
٢. جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ دایە.
٣. هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لەئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بەپێی گۆڕاوی تەمەن (٤ساڵ- ٥ساڵ).
٤. هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لەئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ (یەکەم-ناوەڕاست-کۆتایی).
٥. هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لەئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری دایک.
٦. هیچ جیاوازیەکی ئاماری نییە لەئاستی دابڕانی دەرونی لای منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری باوک.

**ڕاسپاردەکان:**

١-ئاشناکردنی دایکان و باوکان بە چەمکی دابڕانی دەرونی، ئەمەش لەمیانەی ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینار لە لایەن بەڕێوەبەر و توێژەری باخچەکانەوە.
٢- ئاشناکردنی مامۆستایانی باخچە بە چەمکی دابڕانی دەرونی، لەڕێگەی ئەنجامدانی سیمینار و خولی زانستی و ڕێکخستنی کۆڕ و چالاکی تایبەت لە بارەیەوە.
٣-ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام و پڕ لە خۆشەویستی بۆ منداڵانی باخچە، گرنگی دان بە بینای باخچەو گۆڕەپانی یاری کردن و دابینکردنی چەندین یاری جیاواز و چێژ بەخش.
٤-پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خێزان و باخچەی منداڵان لە ڕێگەی کۆبونەوەی بەردەوام و چالاکییە هاوبەشەکان.

**پێشنیازەکان:**

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندین پەروەردەیی وەک شانۆی بوکەڵە و چیرۆکی وێنەدارو، بۆ ڕێنمایی کردن و پەرەپێدانی پرۆسەی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە.
٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە قۆناغەکانی دواتردا وەک قوتابخانەی سەرەتایی.
٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بە ڕێگەی میتۆدی ئەزمونی، کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی دابڕانی دەرونی لای منداڵانی باخچە.
٤- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە و پەیوەندی بەگۆڕاوی ترەوە و لە ڕوانگەی دایکان و باوکانەوە،.

**سەرچاوەکان:**


بۆکانی، سابیر(٢٠٢٠)، ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەرونییەکان، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکراوەی چوار چرا، سلێمانی.
قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٩)، سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
صایغ، لیلی (٢٠٠٦)، ڕابەری مامۆستایانی باخچەی ساوایان.
ابو اعلام، محمود عبدالله رجاء(٢٠٠١)، مناهج البحث بي العموم التربيية و النفسيية، ط٣، دارالنشر للجامعات، قاهرة.
أبو جادو، صالح محمد (١٩٩٨)، سيكولوجية التنشئة الاجتماعية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان.
أحمد، أسماء أحمد عبدالحافظ علي (٢٠٢١)، فعالية استراتيجية تمثيل الأدوار في تنمية مهارات تحمل المسؤولية لمواجهة الضغوط الحياتية لدى طفل الروضة، مؤتمر التحول الرقمي و آفاق جديد لتربية و تعليم الطفل في مرحلة الطفولة المبكرة، كلية التربية للطفولة المبكرة، جامعة المنصورة.
الجسماني، عبد العلي (١٩٩٤)، علم التربية وسيكولوجية الطفل، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت.
جلال، محمد فؤاد (٢٠١٧)، مبادئ التحليل النفسي، مؤسسة الهنداوي سي آي سي، المملكة المتحدة.
حسن، احسان، محمد (١٩٩٩) موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للسعوعات، بيروت.
حسن، عدنان محمد (١٩٨٧)، الشذوذ النفسي، مكتبة نهضة، الطبعة الأولى، بغداد.
دسوقي، كمال (١٩٧٩)، النمو التربوي للطفل والمراهق، دار النهضة العربية، القاهرة.
الربدي، سفيان بن إبراهيم، البليهي، هيفاء بنت عبدالرحمن (٢٠٢٣)، الفطام النفسي لدى طالبات المرحلة الثانوية في مدينة بريدة في ضوء بعض المتغيرات الديموغرافية، جامعة سوهاج، كلية التربية، مجلة شباب الباحثين.
ربيع، محمد شحاته (٢٠١١) علم النفس الإجتماعي، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة.
رفيقة، يخلف (٢٠١٤)، النمو المعرفي في مرحلة الطفولة المبكرة، جامعة حسيبة بن بوعلي، آفاق علمية، العدد٩.
زيانية، أسماء (٢٠٢١)، الإستقلال النفسي عن الوالدين و علاقته بالتوافق الدراسي لدى الطالب الجامعي المقيم (١٨ – ٢١) سنة، رسالة الماجستير، جامعة يحيى فارس، المدية.

سامية، مكي (٢٠١٥)، الاستقلال النفسي عن الوالدين وعلاقته بالتوافق الدراسي لدى الطالب المقيم بالجامعة (من ١٨ إلى ٢١ سنة) دراسة ميدانية بالاقامة الجامعية – المسيلة، رسالة الماجستير، جامعة محمد بوضياف – المسيلة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، الجزائر.

السلطاني، علي محسن راضي، جبر، رحيم عبدالله (٢٠١٩)، الاستقلال النفسي الاختياري لدى طلبة الجامعة، الجامعة المستنصرية، كلية التربية، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية، مجلد ٢٦، عدد ٣.

الطريا، أحمد وعدالله حمدالله (٢٠١٣)، الفطام النفسي لدى طلبة المرحلة الإعدادية في ضوء بعض المتغيرات الديمغرافية والتربوية، مجلة جامعة تكريت للعلوم، المجلد ٢٠، العدد ١٢.

عبدالرحمن، محمد السيد (١٩٩٨)، نظريات الشخصية، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

العيسوي، عبير محمد عطية(٢٠٢٠)، الفطام النفسي و علاقتة بالاكتئاب لدى طلاب جامعة ٦ أكتوبر، مجلة دورية محكمة تصدر عن كلية التربية، مجلد ٢٦، العدد ٤، جامعة حلوان.

الفارسي، إيمان بنت عايل بن راشد (٢٠١٨)، قلق الانفصال لدى أطفال الصف الأول وعلاقته بالسمات الشخصية لأمهاتهم في محافظة مسقط، رسالة ماجستير، جامعة نزوى، كلية العلوم والآداب، قسم التربية والدراسات الإنسانية.

الفاسي، ليلى الإمام محمد (٢٠١٧)، التربية الاستقلالية والوعي بالمسؤولية لدى الطالب الجامعي للتكيف مع متطلبات العصر، مجلة التطوير الأداء الجامعي، مجلد ٥، العدد ٣.

فراج، عبير بكري (٢٠١٩)، برنامج قائم على أشكال أدب الأطفال لتنمية بعض المهارات الحياتية لدى طفل الروضة، مجلة الطفولة، العدد ٣١.

فهمي،عاطف عدلي (٢٠١٣)، معلمة الروضة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الخامسة، عمان.

فوستر، كونستانيس (١٩٩٤)، تربية الشعور بالمسؤولية عند الأطفال، مكتبة النهضة المعنوية، الطبعة الرابعة، القاهرة.

كاظم، علي محمود (٢٠١٤)، الفطام النفسي لدى طلبة المرحلة الإعدادية (قياسه و انتشاره)، جامعة بابل، كلية التربية للعلوم الإنسانية، مجلة الآداب، العدد ١١٠.

موفق، كروم (٢٠١٧) البنية العاملية لاختبار المهارات الاجتماعية وعلاقتها ببعض متغيرات الشخصية، أطروحة الدكتوراه في علم النفس، جامعة وهران، كلية العلوم الاجتماعية.

الناشي، علي خيون عباس (٢٠٢٠)، تأثير برنامج إرشادي بالعلاج الواقعي في تنمية الفطام النفسي لدى طلاب المرحلة الاعدادية، رسالة الماجستير، جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الإنسانية، قسم العلوم التربوية والنفسية.

Saleh, Sanaa Taher (2013) Psychological weaning and optimism and pessism among university students, Master Thesis, Salahaddin University, Erbil.

Szyrynski, Victor (1960) Defective “Psychological Weaning” in Psychosomatic Pathology, Vol. 1, Iss. 1.